## بابەت: ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی

دوای سڵاو،

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد(ASK) کە ڕێکخراوێکی ئەمریکی ناحکومی سەربەخۆیەو لەساڵی (١٩٩٩)ەوە لەکوردستان کار دەکات، پرۆژەی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕادەگەیەنێت بۆ ماوەی یەك ساڵ ٢٠٠٦ ـ ٢٠٠٧، بۆ ئەم مەبەستە ASK ڕایدەگەیەنێت کە گرووپێکی تایبەتی (١٠) کەسی پێکهێناوە کە هەموویان پارێزەرو مافپەروەری گەنجن بەناوی (گرووپی تیشك بۆ چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان) کە بەسەرپەرشتی ASK ئەو پرۆژەیە جێبەجێ دەکەن.

ئەو گرووپە لەڕۆژی (٢٠٠٦/١٢/٣) بەڕەسمی سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کردو بەهاوکاری بەڕێزان کریم بحری‌و سەردار هەرکی‌و هاوشانی ئەوان سەردانی سکرتێری پەرلەمانی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێزیانەوە بەگەرمی پێشوازی کران، ئەندامانی گرووپ لەنزیکەوە تیشکیان خستە سەر پێکهاتەی گرووپەکەو کارەکانی، لەبەرانبەریشدا بەڕێز سکرتێری پەلەمان بەڵێنی دا کە هەموو هاوکارییەکی ASK بکات لەجێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەداو بەکارێکی گرن‌و نایابی وەسفکردو هیوای خواست گرووپی تیشك سەرکەوتوو بن لەکارەکانی خۆیاندا.

هەروەها گرووپ لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی دیوانی پەرلەمان بەڕێز کاك کرێکار عەبدوڵڵا پێشوزای کران‌و بەڕێزیان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی پەرلەمان ئامادەیە بەهەموو شێوەیەك هاوکاری ئەو گرووپە بکات بۆ سەرکەوتنی کارەکەیان‌و پرۆژەکەشی بەشتێکی باش وەسفکرد تاوەکو هاوڵاتیان بتوانن لەڕێگای ئەو گرووپەوە ئاگاداری کارو چالاکییەکانی پەرلەمانی کوردستان بن.





American Society for Kurds (ASK)

Erbil - 60m street – Near Einkawa Bridge ☏ 066-2523874 - 0750- 4481577

askurds_sul@yahoo.com

www.askurds.org

American Society for Kurds

*American Society for Kurds* | کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ کورد

***ASK***

*No:* | ژمارە :

*Date:* | رێکەوت:

دواتر ئەو گرووپە سەردانی فراکسیۆنی سەوزی کردو لەلایەن بەڕێزان کریم بحری برادۆستی بڕیاردەری فراکسیۆنو سەردار هەرکی ئەندامی لێژنەی پێوەندییەکانەوە پێشوازییان لێکراو

بەڕێزان تیشکیان خستە سەر ئیشو کاری فراکسیۆنەکەو بەڵێنیاندا بەهەموو شێوەیەك هاوکاری ASK بکەن بۆ ئەوەی گرووپی تیشك بتوانێت بەوردی کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات، دواتر گرووپ سەردانی فراکسیۆنی زەردی کردو لەلایەن بەڕێز شێروان حەیدەری سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد پێشوازییان لێکراو بەڕێزیشیان کاری گرووپی بەشتێکی گرنگ وەسفکرد بۆ خستنە پرووی ڕاستییەکانی کاری پەرلەمانو ئاگادارکردنی هاوڵاتییان لەو هەنگاوانەی پەرلەمانی کوردستان دەیهاوێژێت. پاشان گرووپ هاوڕێ لەگەڵ پەرلەمانتاران کریم بحریو سەردار هەرکی یەکە یەکە بەشەکانی تەلاری پەرلەمانیان بەسەر کردەوەو سەردانی هۆڵی کۆبوونەوەی پەرلەمانو هۆڵی پەناگیریان کرد.

دواتر گرووپ چاویان کەوت بەهەندێك لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستانو لەگەڵ ئەوانیشدا باس لەئەرکی گرووپو چالاکییە داهاتووەکاندا کرا.

شایانی باسە گرووپی تیشك چاودێری بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات کە لەسێ لیست پێکهاتووە: لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لیستی کۆمەڵی ئیسلامی، لیستی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو دوو مانگ جارێك ڕاگەیاندنێك لەبارەی ڕێژەی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی پەرلەمانی کوردستان بڵاو دەکاتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پێوەندی بەڕێکخراوی ASK بکەن.

ریبین رەسول ئیسماعیل

بەڕێوەبەری ASK لەکوردستان

American Society for Kurds (ASK)

Erbil - 60m street – Near Einkawa Bridge

☎ 066-2523874 - 0750- 4481577

askurds_sul@yahoo.com

www.askurds.org